ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**درووست کردنی چاوی دەستکرد (فۆتۆشۆپ) ..**

نووسەر: @:

>> سەرەتا پەڕەیەکی نوێ بکەرەوە.

>> چینێکی نوێ دروست بکە و لە خشتەی ئامرازەکاندا ، ئامرازی دیاری کردنی بازنەیی هەڵبژێرە و بازنەیەک بکێشە لە هەمان کاتدا پەنجە بنێ بە دووگمەی Shift بۆ ئەوەی شێوەیەکی بازنەیی ڕێک دەربچێت ، ناو بازنەکە ڕەنگی سپی بکە ، وەک لە وێنەکەدا دیارە :



>> لە لیستەی Layer >> Layer Style >> Inner Glow هەڵبژێرە و چاو لە وێنەکە بکە :




>> هەر لە هەمان پەنجەرەدا Outer Glow هەڵبژێرە و چاو لە وێنەکە بکە بۆ نرخەکان :




>> وێنەکە بەم شێوەیەی لێ دێت دوای کاریگەرییەکان:



>> چینێکی نوێ درووست بکەو هەر بە هەمان ئامرازی دیاری کردنی بازنەیی ، بازنەیەکی تر بکێشە لە ناو بازنەکەدا و ڕەنگی بکە بەهەر ڕەنگێک بێت (من ڕەنگی شینم هەڵبژاردووە ):



>> لە لیستەی Layer >> Layer style >> inner Glow هەڵبژێرە و چاو لە وێنەکە بکە بۆ نرخەکان :




<< وێنەکە بەم شێوەیەی لێ دێت :



<< چینیکی نوێی تر دروست بکە و بازنەی سێهەم بکێشە لە ناو بازنە شینەکەدا و ڕەنگی بکە بە ڕەنگی ڕەش ، وەک وێنەکە :



>>چینێکی نوێ درووست بکەو شێوەیەکی هێلکەیی بکێشە لە ناو بازنە ڕەشەکەدا و بە ئامرازی ڕەنگ کردن ڕەنگی بکە بە ڕەنگی سپی .

>> لە لیستی Rotate << Transform << Edit هەڵبژێرە و شێوە هێلکەیی‌یەکە بسووڕێنە تا بەم شێوەیە دای دەنێیت ، وەک لە وێنەکەدا دیارە :

وێنەی کۆتایی



>> پاشان دەتوانیت بەکاری بهێنیت لە هەندێ شوێندا ، بۆ نموونە من لێرەدا دام ناوە :




>> بۆ دروستکردنی Smily دەتوانیت تەماشای ئێرە بکەیت ، کە لەلایەن بەڕێز ( ئاسۆ نادری)ـەوە نووسراوە:

کـــرتـــەی ئـــێـــرە بـــکـــە فـــەرمـــوو

کـــــــۆتـــــــایـــــــی

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبليغات در اين سايت